# ئیسلام وەك تاوانبارێك
## پشتگیریکردن لە سوتاندنی مۆنۆمینتی هەڵەبجە

رامیار مەحمود

بۆ ساڵێك ئەچێت دیاردەیەکی زور گرنگ لە کوردستانی عیراقدا دەبینرێت , بەرلەوەی بێمە سەر قسەکردن لەسەر ئەو دیاردە گرنگە ئەمەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە من لە ئیستادا دەستەواژەی کوردستانی عیراق بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە بە کار ئەهێنم ئەمەش لەو بڕوایەمەوە هاتووە خەڵکی کوردستان هیچ قازانجێك لە دەوڵەت و دەسەلاّتی سەربەخۆ نابیین بۆ کورد , زیاتر لەوەش ئەبێت سوپاسی خوا بکەین کە ئێمەی لە چوارچێوەی عیراقدا هیشتۆتەوە , چونکی بوونی ئێمە لە چوارچێوەی عیراقدا ئەکرێت , وەك فاکتەرێکی فشار بەکار بهێنرێت بۆسەر دەسلاّتی کوردی , بەلایەنی کەمەوە ناچار ئەبن هەر چوار ساڵێك هەڵبژاردن ئەنجام بدەن بە کورتی مانەوەی کوردستانی عیراق لە بارودۆخێکدا کە هەموو کۆنترۆڵەکە لە ژێردەسەلاتی پارتی و یەکێتی و حزبە کارتۆنییەکانی دەوروپشتیاندا نەبێت ئەمە قازانجی گرنگی ئەبێت بۆ خەڵکی کوردستان . ئەو دیاردە گرنگەش کە من ئەمەوێت باسی بکەم سەرهەڵدانی ناڕازییوونی خەڵکە بە تاییەتی توێژی خوێندکاران , ئەو پاساوەش نەما بڵێن کێشەی ئێمە ئەمەیە لەبەردەم کۆمەڵگایەکی بێباکدا ئەژین بەرامبەر بە پرسە گرنگانی خۆی , بەرامبەر بە کێشەی گەندەڵی و نەبوونی سەروەری یاساو پێشێلکردنی ڕۆژانەی مافی مرۆڤ لە کوردستانی عێراقدا . کاتی ئەوە هاتووە ڕەوایی بەم روداوانە ببەخشین بەلایەنی کەمەوە بە قەدەر نەسلمینەوەی ئەوانەی بەم ڕوداوانە هەڵئەستن . لە کاتێکدا میدیای ئەو دوو حزبە بە شێوازێکی زۆر ناشرین قسە لەسەر ئەو روداوە ئەکەن و پێیان وایە دەستی تیرۆرست و ئیسلامی لە پشت روداوەکانەوەیە . لە کاتێکدا هەرگیز کێشەی کوردستانی عیراق خەڵکانێك نین کە بڕوای سیاسی خۆیان لە ناو دینەوە هێنابێتە دەرەوە , من ئەزانم لە کوردستانی عێراقدا ئەو بۆچوونە لە ئارادایە و برەوی پێ ئەدرێت کە کۆسپی بەردەم بە شارستانی کردنی کۆمەڵگای کوردستانی عیراق ئیسلام و هیزە دینییەکانە بەلاّم دەردو گرفتی ئەو بەشە بە دیاریکراوی هەردوو هێزی پارتی و یەکێتییە . ئەوانە لە دوای ڕاپەڕینەوە وەك دوو هیزی خێلەکی و ناشارستانی کەوتنە فەروود کردن و ئاودیوکردنی سامانی کوردستان و شەڕی خویناوی ناوخۆ و سەرلەنوێ بیناکردنەوەی میراتییەکانی بەعس , کە بریتییە لە دروستکردنی حکومەت و پەرلەمان و دادگا و سەندیکای کارتۆنی . بە شێوەیك کە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ نەمێنێت لە نێوان سەردەمی بەعس و سەردەمی دوای ڕاپەریندا . لە (کۆیە) ئاسایش تەقە لە خوێندکاران ئەکەن لەسەر بچوکترین داواکاری , لە هەڵبەجە گەنجێکی هەڤدەساڵ ئەکوژرێت بە گولەی ئاسیش , یەکێتی ڕۆژنامەنوسان لەبەیاننامەیکدا ئەزانێت بڵێت ئەمە گێرەشوێنییە نازانێت بە جەنابی عومەر فەتاح بڵێت ئێوە گەنجێکی هەڤدەساڵتان کوشتووە پێویستە ڕووبەڕووی دادگا ببنەوە , ناڵێن با وەزیری ناوخۆ دەست لە کار بکێشێتەوە . ئەوەی لە کۆیە ڕوویدا ئەگەر لە زانکۆی بەغداد ڕووی بدایە یان هەر زانکۆیەکی بەشە

عەرەبییەکەی عیراق رووی بدایە ، سەرۆك کۆماری عێراق یەکسەری کۆنگرەی رۆژنامەنوسی ئەبەست چونکە سیاسەت مەدارە کوردەکان لەبەغدا هەموویان خاوەنی باشترین لیاقەی سیاسین چونکە لەولاتی عەرەب ئەبێت وەك پیاوی سیاسە تمەداری هاوچەرخ و یاسایی هەلسوکەوت بکەن چونکە عەرەب خاوەنی کەلچەرێکی دەولەمەندە لە رووی سیاسی و رۆشنبیرییەوە لەویٚ ناتوانن وەك کوردستان بە چاوی ئاژەلٚ سەیری خەلك و رووداو بکەن . بە داخەوە رەنگە (پارتی _ یەکێتی) ئەم نەوەیەی دوای راپەرینییان وا گەورە کردبێت کە کورد تەنها نەتەوەیەکە لە ناوچەیەدا پالٚوراوبێت بۆ ئەوەی ببێت بە ئەورپایی و ئەمەریکی ، لەبەر ئەوەی ئەوان کوردن و بە زۆر کراون بە موسلٚمان ، وەك ئەوەی موسلٚمانبوون و کوردبوون کۆسپ بن لەبەردەم یەکتریدا وەك ئەوەی کوژانەوەی موسلٚمانێتی مەرج بێت بۆ تازەگەری ئەوەتا یەکێك لە ناودارترین کەسایەتییەکانی جیهان کە( صلاح الدین الایوبي)ە ، ئەورپییەکانیش بە رێزەوە سەیری ئەکەن جگە لە کورد خۆی . ئەیانەوێت بە ئێمە بلێن ئەوەی لە پشت رەشەکوژی ژنانەوەیە لە کوردستاندا خەلٚکانی موسلٚمانن کە لەراستیدا هۆکارەکەی هەرددو هێزە عەشایەرییەکەی (پارتی _ یەکێتییە) کە بەهۆی ئەمانەوەپاترپارکی لە کوردستاندا زۆر بە خراپی گەشەی کردووە ، کارەساتی ولاتی ئێمە لەوەدایە کەتوینەتە ژێردەسەلاتی دوو حزبەوە کە ئەوان خۆیان لە یاسا گەورەترن ، ئایین لە کوردستانی عیراقدا وەك موورادیفی شەیتانی لێهاتووە بە هەزارو یەکشێوە ئەخرێتە پالٚ هەر شتێك کە لەگەلٚ پارتی و یەکێتیدا نەگونجێت . دەستدرێژی کردن بۆ سەر خەلٚکی موسلٚمان گەشتۆتە رادەیەك (حەمە سەعید حەسەن) بخوازێت مەلا کان لەبری بالٚندە سەرببڕێن و بسوتێنرێن ، لە کوردستاندا بەم بیرە فاشییە ئەوترێت پێشکەوتنخوازی . خەلٚك مافی خۆیەتی لە خۆپیشاندا ندا بینایەکی حکومەت بەردباران بکات ، پارتی و یەکێتی کاتێك مافی ئەوەیان هەیە بە خەلٚك بلێن بە پێی یاسا ئەبێت هەلٚسوکەت بکرێت کە خۆیان یاسا پەیرەو بکەن . لە کوردستاندا گەندەلی بەرهەمی زۆردارییە نەك شتێکی تر ئەوەی حوکم ئەکات لە کوردستاندا حوکمی زۆردارەکانە گەندەلٚییەکەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە . لە خۆپیشاندانەکانی نیشتەجێیانی کەناری پاریس سەرباری سوتاندنی ئەو هەموو ماشین و خاپورکردنەش کە خۆپیشاندەران ئەنجامیاندا هیچ رۆشنبیرێکی عاقلٚ نەچووە پشتی دەولٚەتەوە بلێت ئەمانە گێرە شوێنن بەلٚکوو کۆمەکیشیان کردن لە رووی تیۆرییەوە ناودارانی وەك ئالان تۆرین و فرانسوا بایار و چەندینی تریش. کە خەلٚکی هەلٚبجە رازینین ئێوە بچنە هەلٚەبجەوە ئەفەندییەکی یابانی چییە کە بێت یان نەیەت بۆ هەلٚەبجە ، ئێوە کە خۆتان کەی رێزتان لە کارەسات و خەلٚکی هەلٚەبجە گرت شتێکی ئاساییە هەموو کەسێك بتوانێت رێز لە هەلٚەبجە بگرێت ، من سوپاسی ژیان ئەکەم شانسی ئەوەی پیٚ بەخشیم بەشێك لە نەتەوەکەی خۆمم ببینم لە سوریا چۆن هەموو سالێك چەند خولەکێك یادی ئەو کارەساتە ئەکەنەوە لە ژێر خراپترین هەلومەرجی سیاسیدا ، بەراستی بەدبەختی گەورە ئەوەیە پارچەکانی تر و بە تایبەتی کوردەکانی سوریا لە ئێمە زیاتر خەمەکانی کوردستانی عیراقیان هەلٚگرتووە ئێمەش خاوەنی خراپترین ئەزمونی سیاسیین لە ناوچەکەدا . بەلام بە داخەوە خەلٚکی هەلٚەبجە نەیانتوانی بە پیك وچەکوش مۆنۆمینتی هەلٚەبجە بڕوخێنن چونکە بەراستی ئەوەی دروستییان کردووە ئەمەندە شتێکی ناشرینە ، ئەوەی بتوانێت بیڕوخێنێت هەقە باشترین خەلات بکرێت.